**The Centre of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.be

**Nawendî Helebce**
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*CAK*
chak_org@yahoo.com

# بەياننامەی كۆميتەی هەڵەبجەی ناوەندی چاك دژ بە لابردنی پەيكەری "عمری خاوەر" رەمزی شەهيدانی نەتەوەی كورد

نۆزدە ساڵ بەرلەئێستا هەڵەبجە دوچاری يەكێك لە گەورەترين كارەساتەكانی مێژووی نەتەوەی كورد بوو، ئەو كارەساتەی تائێستا لە فكری تاك بەتاكی كورداندا ئازارێكی گەورەی دروستكردووە، ئەوەی لە 1988/3/16 رويدا روداو كارەساتێكی سادەو ساكار نەبوو لەو مێژووەدا هەزاران هاوڵاتی كوردی بێتاوان شەهيدبوونو بەهەزارانی تر بريندار بوون "وەك لەچەندين جێگای تردا ئاماژەمان پێداوە برينی بەشی زۆری ئەوانە تاهەنووكە كاريگەری ماوەو بەردەوام برينداران ئازاردەداو رۆژ بەرۆژ لێيان شەهيد دەبێت".

ئەوەی ئێستا ئێمە ئازار دەداو وەك هەر هەڵەبجەييەك بەتوندی دژی ئەوەستين هەوڵی لابردنی پەيكەری "عمری خاوەر" رەمزو سمبولی شەهيدانی هەڵەبجەو سەرجەم شەهيدانی نەتەوەی كورد كە لەئەنجامی ئەو كارەساتەی سەرەوە شەهيد بوو وە لەهەموو دونيادا دەنگی دايەوەو بەبينينی وێنەی ئەو شەهيدە دەست بەجێی هەڵەبجەو كوردت بەفكرادەهات، ئێمە سەرەرای ئەوەی بەتونی رەخنە لەم كارە ئەگرينو ئەم دەرفەتەش بەباش دەزانين بۆ ئەوە بۆ هەموو دلسۆزانی ئەم شارە شەهيدە ئاشكرا بكەين بەداخەوە  تائێستا خانوەكەی ئەم رەمزە كەلاوەيەو بەوێرانەی ماوە كەدەبوو وەك مۆزەخانەو يادگاريەك بۆ ئەو زاتە لەهەڵەبجەدا كەڵكی لێوەر بگيرايە.

ئەو پەيكەرەی شەهيد عمر كە لە ساڵی 1991وە دروستكراوە لە زاكيرەی تاك بەتاكی هەڵەبجەدا خۆی سەپاندوەو بوەتە رەمزی سەروەی شارەكەيان، بۆيە ئێمە وەك كۆميتەی هەڵەبجەی شەهيدی ناوەندی چاك جگە لەوەی بەتوندی دژی هەر هەولێك ئەوەستينەوە بۆ لابردنی ئەو پەيكەرە ئاشكراشی دەكەين دژ بەهەر قسەو توانجێكی نابەجێبن لەلايەن هەركەسێكو هەرگروپێك بەرامبەر بەم رەمزەمان بكرێت، وە ئەوەش رادەگەيەنين هيچ بەهانەيەك نابينين بۆ ئەنجامدانی ئەو كارەو لابردنی ئەو رەمزە، داواش لە حكومەتی كوردستان دەكەين بە وردی لەم بڕيارو هەوڵە بكۆلێتەوە، رێگە نەدات پەيكەری زاتێك لابرێت كە شانزە ساڵە هەڵەبجەيەكان لەگەڵيدا ئەژينو هەموو 3/16 يەك لەحزوريدا يادی گەورەترين كارەسات ئەكەنەوە كە دەرهەق بەشارەكەيان ئەنجامدراوە.

**سەروەری بۆ ئەو شەهيدانەی بونە قوربانی ئەم خاكو نەتەوەيە، سەروەری بۆ شەهيدانی هەڵەبجە**

**كۆميتەی هەڵە بجەی ناوەندی چاك**

**2007-8-24**

**www.chak.be**